سەرۆک وەزیرانی عێراق پلانی سەردانیکردنی مۆسکۆی پایتەختی ڕوسیا هەیە

وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن ئاشکرای کرد کە مەحەممەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق پلانی هەیە پێش کۆتایی ئەمساڵ سەردانی ڕوسیا بکات.

ئاژانسی "نۆڤۆستی" ڕوسی لە زاری وەزیری دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند، "سەردانەکەی سەرۆک وەزیران ئەمساڵ و لە چەند مانگی داهاتوودا دەبێت و لە پرۆسەی ڕێکخستنی سەردانەکەیدان".

لە مانگی حەوت ڕابردوودا، باڵیۆزی ڕوسیا لە بەغدا "ئەلبروس کورتاچێف" وتی: سەرۆک وەزیرانی عێراق بانگهێشتنامەیەکی قبوڵکردووە بە سەردانی ڕوسیا، بەڵام هێشتا بڕواری سەردانەکە دیاری نەکراوە، هەروەها سەرۆکی نەردەی دیپلۆماسی ڕوسیا بە عێراق، ئاماژەی بۆدا کە ئەم سەردانە دەرفەتێک دەبێت بە گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتانەی کە گرنگن بە سەرکردایەتی هەردوو وڵات، لەوانە ئەو بابەتانە کە دەخێ سیاسی و ئابووری تیشک دەخرێتەسەر.